Ministry of Justice and Security

# گومان لێکراوی لە پرسێکی تاواندا

بەڕێزتان گومان لێکراون و دەستبەسەرکراون لە لایان دەزگایەکی بەدواداچوون و ئاسایشەوە، وەک دەزگای پۆلیس. یان بەڕێزتان بانگێشکراوون بۆ لێپێچینەوە. ئایا مافە کانت چین؟ و وچی ڕودەدات دوای ئەوەی لێپێچینەوەت لەگەڵ دەکرێت؟

## Koerdisch

لەم نامیلکەیەدا کە دەوترێت 'پۆلیس' مەرج نییە کە هەر مەبەست لە پۆلیسبێت، ئەگەری هەیە مەبەست لە لایەنێکی کەی دەزگای ئاسایش و بەدواداچون بێت کە لێپێچینەوەت لەگەڵ دەکات.

## پرسیارەکان؟

بەباشی ئەم زانیاریانەی لای خوارەوە بخوێنەرەوە! ئەگەر دوای خوێندنەوەی ئەم زانیاریانە پرسیارت هەبوو، ئەوا پرسیارەکەت ئاڕاستەی پارێزەرەکەت بکە، یان پرسیارەکەت لە پۆلیس بکە و یان هەر دەزگایەکی کەی ئاسایش و بەدواداچوون کە لێپێچینەوەت لەگەڵ دەکەن.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی www.juridischloket.nl، یاخود لە ڕۆژانی دووشەمانەوە تا رۆژانی هەینی لە کاژێر ٩ی بەیانییەوە تا ٥ی ئێوارە پەیوەندی بکە بەم ژمارەیەوە ٠٩٠٠٨٠٢٠ (خولەکی ١٠سەنتی ئیرۆ دەکەوێت).

## ئەگەر هاتوو تۆ هۆڵندی بەپێی پێویست نەزانیت و تێنەگەیت:

ئەگەر هۆڵندیەکەت بەپێی پێویست نییە و باش لێی تێناگەیت، ئەوا مافی داواکردنی وەرگێڕت هەیە. وەرگێر بێ بەرامبەرە. هەروەها مافی ئەوەت هەیە کە داوای وەرگێران بکەیت بۆ هەندێک لە نوسراوەکان کە پەیوەندینا بە پرسەکەتەوە هەیە، وەک فەرمانی درێژکردنەوەی دەستبەسەرکردن بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زیاتر، یاخود دەتوانیت داوای وەرگێرانی بانگێشتنامەی دادگا بکەیت.

## پۆلیس بانگی کردوویت بۆ لێپێچینەوە:

ئەگەر هاتوو لەلایەن پۆلیسەوە بانگێشتکرابیت بۆ لێپێچینەوە لەبەرئەوەی کە گومانی ئەنجامدانی سەرپێچیەکی یاسایت لەسەرە (تاوان)، ئەوا دەبێت پێش لێپێچینەوەکە خۆت بناسێنیت. دەبێت ناسنامەیەکی بەسەرنەچوو یان پاسپۆرت لەگەڵ خۆتدا بیەنیت، یا مۆڵەتی شۆفێریەکەت لەگەڵ خۆتدا بیەنە.

تۆ خۆت دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە پارێزەرێکەوە بەرلەوەی کە لێپێچینەوەت لەگەڵدا بکرێت بۆ ئاگادارکردنەوەیی و وەرگرتنی ڕێنمایی یاسایی. پارێزەرەکە ڕێگەپێدراوە لە کاتی لێپرسینەوەکەدا ئامادەبێت. دەتوانی لە خوارەوە زایناری زیاتر لەم بارەیەوە بخوێنیتەوە. ئەگەر خۆت داوای پارێزەر بکەیت، ئەوا دەبێت تێچووەکەی خۆت لە ئەستۆیی بگریت.

## پۆلیس تۆی دەستبەسەرکردووە و بردووتی بۆ بنکە:

ئەگەر پۆلیس دەستبەسەری کردبێتی لەسەر گومانی ئەنجامدانی سەرپێچیەکی یاسای، ئەوا لێپێچینەوەت لەگەڵ دەکرێت. مانایی وایە کە پۆلیس پرسیارت ئاڕاستەدەکات.



220373 Informatieblad U wordt verdacht (Koerdisch) CKB (Arial).indd 1 20-05-2022 14:39

## مافەکانت:

- مافی ئەوەت هەیە کە بزانیت گومانی چ سەرپێچییەکت لێدەکرێت.
- مافی وەڵام نەدانەوەی ئەو پرسیارانەت هەیە کە ئاڕاستەت دەکرێت (مافی بێدەنگی).
- مافی گفتوگۆ و ڕاوێژکردنی نهێنیت هەیە لە گەڵ پارێزەردا پێش دەسپێکردنی لێپێچینەوە.
- مافی ئەوەت هەیە کە پارێزەرێک ئامادەبێت لەکاتی لێپێچینەوەدا.
- ئەگەر لە شتێک تێناگەیت بە پۆلیس بڵێ، هەروەها ئەگەر هەست بە نەخۆشی دەکەیت، یان گەر دەتەوێت لەگەڵ پزیشک قسە بکەیت، یان پێویست بە چاودێری پزیشکی بەپەلە و دەرمان هەیە، پۆلیس ئاگاداربکەرەوە.
- ئەگەر (یاریدەدەری) داواکاری گشتی بڕیاری دا کە دەبێت لە بنکە(ی پۆلیس) بمێنیتەوە، ئەوا دەتوانیت لایەنی سێیەم لەوە ئاگاداربکەیتەوە کە دەستبەسەریت (وەک ئەندامێکی خێزانت، یا هاوماڵەکەت). (یاریدەدەری) داواکاری گشتی هەندێک جار بڕیاری ئەوەدەدات کە بۆت نییە بۆ ماوەیەکی کاتی کەس ئاگاداربکەیتەوە. خۆیان لەمە ئاگادارت دەکەنەوە.
- ئەگەر تۆ هەڵگری ڕەگەزنامەی هۆڵەندی نیت، ئەوا دەتوانیت کونسوڵخانەی یان باڵوێزخانەی وڵاتەکەت ئاگادارکەیتەوە کە دەست بەسەری.
- تۆ مافی ئەوەت هەیە کە بەڵگەنامەکان ببینیت، ئەگەر هەبن. لە هەندێ بارودۆخدا (یاریدەدەری) داواکاری گشتی بڕیاری ئەوە دەدات کە بۆت نییە ئەم بەڵگەنامانە ببینیت. خۆیان تۆ لەمە ئاگادارت دەکەنەوە.

### ئایا پۆلیس تاکەی دەتوانێت بەدەستبەسەری بتهێڵێتەوە؟

- دەتوانرێت لە بنکە بۆ ماوەی ٩٠ کاژێر (٣ ڕۆژ و ١٨ کاژێر) دەست بەسەربکرێیت، بەگوێرەی ئەو گومانەی کەلێتکراوە.
- بۆ ماوەیەکی زۆر زیاتر بەدەستبەسەرکراوی دەمێنیتەوە ئەگەر بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون پێویستبکات. دادوەر دەبێت بڕیاری لەسەر ئەمە بدات. لە پارێزەرەکەت بپرسە کە دەتوانی چی بکەیت ئەگەر هاتوو لەگەڵ دەست گیرکردنەکەتدا نەبیت یا ئەگەر لە بڕیاری دادگا لەسەر درێژکردنەوەی دەست بەسەرکردنەکەت ڕازی نەبیت.

### مافی هاوکاری لە لایەن پارێزەرەوە:

مافی ئەوەت هەیە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر بە نهێنی قسە لەگەڵ پارێزەرێکدا بکەیت، پێش ئەوەی لەلایەن پۆلیسەوە پرسیارت لێبکرێت. نیو کاتژمێر تریش دەتوانرێت بۆت درێژ بکرێتەوە. داواکردنی پارێزەر لەکاتی دەستبەر کردنەکەتدا، کەوتۆتە سەر قورسی پرسەکەت.

- داوای پاڕێزەرت بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی گفتوگۆ و ڕاوێژیی لەگەڵ بکەیت ئەگەر هاتو لە پرسێکی زۆر قورسی تاواندا گومنلێکراو بوویت بۆ نموونە کە سزای ١٢ساڵ یان زیاتری لەسەربێت (وەک کوشتن (بەمەبەست) و پلان بۆ داڕێژراو) یان ئەگەر پۆلیس بارودۆخی دەرونیت بە هەستیار لەقەڵەمبدات. ئەمەش بێبەرامبەرە.
- ئەگەر هاتوو بە پێویست نەزانی قسە و ڕاوێژ لەگەڵ پارێزەرەکەدا بکەیت، ئەوا دەبێت بە پارێزەرەکە بڵێیت و بۆیی ڕونبکەیتەوە.
- دەتوانییت ڕاوێژ لەگەڵ پارێزەرێکتدا بکەیت پێش لێپێچینەوە، ئەگەر هاتوو لە پرسێکی قورسدا گومانلێکراوبیت - تاوانێک کە پێش دادگای کردنکەی دەستبەسەرکردن لەسەربێت وەک ماڵان بڕین-. پۆلیس خۆی داوای پارێزەرت بۆ دەکات. ئەمەش بێبەرامبەرە.
- ئەگەر هاتوو لەپرسێکی مامناوەندا گومانلێکراوو بوویت، ئەوا دەتوانیت بەویستی خۆت بڕیاری گرتنی پارێزەر بدەیت. دەبێت خۆت پارێزەرێک راسپێریت و تێچوی پارێزەرەکەش لە ئەستۆی خۆت بگریت.

### ئەگەر بۆت ڕون نیە کام لەم ڕێووشوێنانە تۆ دەگرێتەوە، ئەوا بپرسە:

- ئایا بە ئۆتۆماتیکی بانگی پارێزەرت بۆ دەکرێت یان دەبێت خۆت هەڵبیژێریت؟
- یان دەبێت خۆت خەرجی پارێزەرەکە لە ئەستۆ بگریت؟

ئەگەر هاتوو پارێزەرێک هەبوو کە حەزبکەیت پارێزەرایەتیت بکات، ئەوا دەتوانیت بە پۆلیس بڵێیت. ئەگەر پارێزەرەکەت ناونووس نەکرابێت لای ‹ئەنجوومەنی مافی یارمەتیدانی یاسایی›، ئەوا دەبێت خۆت خەرجی پارێزەکەر لە ئەستۆ بگریت. ئەگەر هاتوو پۆلیس داوای پارێزەرت بۆ بکات، ئەوا زانیاری ناسنامەی کەسی بەڕێزتان دەدرێ بە ‹ئەنجوومەنی مافی یارمەتیدانی یاسایی› و ئەوان ئەو زانیاریانە لای خۆیان تۆماردەکەن.

مافی ئەوەت هەیە لەکاتی لێپرسینەوەدا کە پارێزەرێک ئامادەبێت بۆ هاریکاری کردنت. ئەگەر هاتوو گومانی پرسێکی قورست لەسەر بێت، پێویست ناکات هیچ تێچویەکی مادی لە ئەستۆ بگریت. ئەگەر هاتوو گومانی پرسێکی زۆر قورست لەسەر نەبێت ئەوا دەبێت خەرچی پارێزەرەکەت خۆت لەئەستۆیی بگریت.

### سەرەڕای ئەوەش، دەکرێت:

- ئەگەر هاتوو لەسەرەتادا بڕیارت وابوو پارێزەرت نەوێت، هەر دەتوانیت لەدوایشدا داوای پارێزەر بکەیت و پارێزەر بگریت.
- ئەگەر هاتوو داوای پارێزەرت کردو و سودمەندبوویت لە بەکاریەنانی مافی یارمەتی یاسایی، ئەوا پۆلیس بۆی نییە لێپێچینەوەت لەگەڵدا بکات پێش راوێژکردن لەگەڵ پارێزەرەکەتدا ، مەگەر پێویستییەکی بەپەلە لەئارادا بێت، وەک مەترسی لەسەر ژیان.

ئاگاداری ئەوە بە: ئەگەری ئەوە هەیە کە پارێزەرەکە پێیَ بچێت تاوەکو دەگات بنکە. دەبێت پارێزەرەکە لە بنەڕەتدا لە ماوەی دوو کاژێردا ئامادەبێت، لەوساتەوەی کە پۆلیس ئاگاداری دەکاتەوە.

### ئایا پارێزەر چی دەتوانێت بۆت بکات پێش لێپێچیەنەوە؟

پاڕێزەرەکە دەتوانێت ئەمانەی لای خوارەوەت بۆ بکات، پێش ئەوەی لێپێچینەوەت لەگەڵدا بکرێت:

- ڕونکردنەوەت بداتێ لەسەر ئەو پرسەی گومان لێکراویت.
- ڕێنمایی یاسایت دەکات.
- زانیاریت دەداتێ کە چۆن پۆلیس لێپێچینەوەت لەگەڵت دەکات.
- زانیاریت دەداتێ لەسەر ماف و ئەرکەکانت لەکاتی لێپێچینەوەدا.
- ئەگەر خۆت خواستت لەسەربێت پارێزەرەکە دەتوانێت پەیوەندی بکات بە خانەوادەکەتەوە یا شوێنی ئیشەکەتەوە بۆ ئەوەی ئەوان لە بارودۆخت ئاگاداربن.

پۆلیس گوێ لە گفتوگۆکانی تۆ و پارێزەرەکەت ناگرێت کاتێ کە بەیەکەوە قسە دەکەن و ڕاوێژ دەکەن. هەموو ئەوشتانەی کە بە پارێزەرەکەت دەڵێیت نهێنین. بەبێ ڕەزامەندی خۆت پارێزەرەکەت بۆیی نییە لەگەڵ کەسدا قسەبکات و باسی ئەوانە بکات کە تۆ بەوت وتون، بۆشی نییە لای پۆلیس و داواکاری گشتی بەهێچ شێوەیەک باسی ئەوقسانە بکات کە تۆ لای ئەوت کردوون.

### ئایا پارێزەر چی دەتوانێ بۆ تۆ بکات لەکاتی لێپێچینەوەدا ؟

- پارێزەرەکەت ڕێگەپێدراوە کە سەرنج بدات و پرسیاربکات لە کارمەندی لێپێچینەوە لە دەستپێکی لێپێچینەوەکە و لە کۆتای لێپێچیەنەوەکەدا.
- تۆ و پارێزررەکەت دەتوانن لە کاتی لێپێچینەوەکەدا داوای ناوبڕ (وەستاندن) بکەن بۆ گفتوگۆکردن و ڕاوێژکردن لەگەڵ یەکدا. ئەگەر هاتو زۆرجار داوای ناوبڕ بکەیت، ئەوا کارمەندی لێکۆڵەرەوە دەتوانێت ڕەتی بکاتەوە کە ناوبڕ وەربگرن.



220373 Informatieblad U wordt verdacht (Koerdisch) CKB (Arial).indd 2 20-05-2022 14:39

- ئەگەر هاتوو لە سەرنج و پرسیارەکان تێنەگەیشتیت، یان ئەگەر لەکاتی لێپێچینەوەکەدا بکرێییتە ژێر فشارەوە یا بەبۆنەی بارودۆخی تەندرستیتەوە نەتوانیت لەسەر لێپێچینەوەکە بەردەوابیت، ئەوا پارێزەرەکە دەتوانێت کارمەندی لێکۆڵینەوەکە ئاگادار بکاتەوە و ئاماژەی پێ بکات.

### ئایا پارێزەر چی دەتوانێت بۆ بکات دوایی کۆتایی هاتنی لێپێچینەوەکە؟

- دوای لێپێچینەوەکە دەتوانیت تۆ و پارێزەرەکەت سەیری ڕاپۆرتی لێپێچینەوەکە بکەن و ئاماژە بەو هەڵانەبکەن کە لە ڕاپۆرتەکەدا نوسراونوو و داوای ڕاستکردنەوەیان بکەن.
- پارێزەرەکەت دەتوانێت ئاماژە بەوە بکات کە تۆ چی دەتوانی بکەی لەدژی بڕیاری درێژکردنەوەی دەستبەسەرکردنەکەت.

## ئایا چی ڕودەدات دوای لێپێچینەوەکە؟

دوای لێپێچینەوەکە داواکاری گشتی بڕیاردەدات کە پرسەکە چی لێدێت. ئەگەری ئەوەهەیە کە پرسەکەت بەشێوازی جیاواز راهی بکرێت، بریتین لە مانەیی لای خوارەوە:

### داخستن (دەست هەڵگرتن لە پرسەکە)

دەکرێت پرسەکەت دابخرێت (دەستی لەسەر هەڵبگیرێت). مانای وایە کە دادگایی نا کرێت. ، دەکرێت مەرجت بۆ دابنرێت بەپێی بڕیاری داخستنی دۆزەکە کە دەبێ ڕەچاویان بکەیت. بۆ نموونە قەدەغەکردنی پەیوەندی کردن لەگەڵ زیانبەرکەوتواندا\قوربانیاندا یا دانانی چاودێری دەزگای چاودێری (ڕێکلەسێرین) لەسەر مەرجی تایبەت. ئەگەر ئەم مەرجانە ڕەچاونەکەیت و یان سەرلەنوێ سەرپێچی ئەنجام بدەیت، ئەوا هەر بۆ ئەم دۆزە بانگێشی دادگا دەکرێیت. سەرەڕای ئەوەش دەبێت بچیتە بەردەم دادوەر.

### فەرمانی سزا

ئەگەر داواکارد گشتی بڕیاربدات کە تۆ تاوانباریت، دەتوانێت فەرمانی سزات بەسەردا بسەپێنێت. ئەکرێت بۆ نموونە فەرمانی سزا سەپاندنیش بریتی بێت لە قەدەغەکردنی شۆفێری (بۆت نییە کە ترومبێل لێبخوڕیت.) یا گرتنەبەری ڕێوشوێنی هەڵسوکەوت (بۆ نموونە سەپاندنی قەدەغەکردنی پەیوەندی یا پەیونەدی زۆرەملێ لەگەڵ دەزگای چاودێری دا.)

ئەگەر هاتوو سزای دارایت بەسەردا سەپێنرا دەتوانی دەستبەجێ لە بنکەی پۆلیس پارەکەی بدەیت. ئەمە تەنها لە کاتێکدا دەکرێت ئەگەر هاتوو پێشتر پەیوەندیت بە پارێزەرێکەوە کردبێت و گفتوگۆ و ڕاوێژت لەگەڵدا کردبێت. ئەگەر هاتوو پارەکە دەسبەجێ بدەیت، ئەوا پرسەکەت بەتاوەتی یەکلایی دەبێتەوە.

ئەگەر هاتوو داواکاری گشتی فەرمانی سزایی قەدەغەکردنی شۆفێری بەسەرتدا سەپاند، دەبێت پێش ئەم بڕیارە دانیشتننت لەگەڵدا دەکرێت. لەسەر ئەم دانیشتنەش دەتوانیت گفتوگۆ و ڕاوێژ لەگەڵ پارێزەرەکەتدا بکەیت. پارێزەرەکەشت دەتوانێ ئامادەی دانیشتنەکە بێت. ئەگەر پێویست بکات، دەکرێت دانیشتەنکە لە کاتێکی تردا ئەنجام بدرێت. دانیشتەنەکەش دەکرێت لە ڕێگەی ڤیدیۆوە بکرێت.

### ئاڵوگۆڕ (ترانس ئەکسی)

داواکاری گشتی دەتوانێت پێشنیاری ئاڵوگۆڕکردنت بۆ بکات. چەند مەرجێکت بۆ دادەنرێ بۆ ئاڵوگۆر. ئەگەر ئەم مەرجانە جێبەجێ بکەیت، ئەوا ڕێگری دەبیت لە هانگاوی یاسایی زیاتر بۆ سەپاندنی سزا بەسەرتدا. چەند نموونەیەکی ئاڵوگۆڕکردن: پێدانی سزای پارە، قەرەبوو کردنەوەیی زەرەری زیان لێکەوتووان و یان دەست هەڵگرتن لە شتە دەستبەسەردا گیراوەکان. ئەگەر هاتوو ئەم کارە نەکەیت یا لەکاتی خۆیدا مەرجاکانی ئاڵوگۆڕەکە جێبەجێ نەکەیت، ئەوا هەردەبێت بچیتە بەردەم دادوەر. بەهەمان شێوە دەتوانیت دەمودەست پێشنیازی ئاڵوگۆرکردنیش جێبەجێ بکەیت (بی یەیت)، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو شوێنی نیشتەجێبوون و ژیانت لە هۆڵندا دیار نەبێت.

### دادوەر

داواکاری گشتی دەتوانێت بڕیاربدات کە پرسەکەت بخاتەبەردەم دادوەر. لەمبارودۆخەدا لەلایەن داواکاری گشتییەوە بانگێشنامەی دادگات بەدەست دەگات. لە بانگێشنامەکەدا هاتووە کە گومانی چیت لەسەر و لە بەرواری چەنی چەندا و لە چ شوێنێک دەبێت ئامادەی بەردەم دادوەر بیت.

### سنوقی پۆستی ‹ماین ئۆڤەرهایت› (حکومەتەکەم)

دەتوانیت پۆستی داواکاری گشتیت سەبارەت بە پرسی سزاکەت لە ڕێگەی دیجیتاڵیەوە بۆ ‹سندوقی پۆستی حکومەتەکەم› بۆ بێت. ئەگەر دەتەوێت پۆستی داواکاری گشتیت بۆ سندوقی دیجیتاڵیەکەت بۆ بێت، ئەوا دەتوانی لە ڕێگەی ژمارەی (ئەکاونتی) ‹حکومەتەکەمەوە› (MijnOverheid) سەح لە داواکاری گشتی بدەیت(Openbaar Ministerie).

### تۆماری تاوان یان نا؟

ئەگەر هاتوو فەرمانی سزا یان پێشنیاری ئاڵوگۆری داواکاری گشتی پەسەند بکەیت، ئەوا هاوشێوەی حوکمی دادوەر پرسەکەت تۆماردەکرێت لە دۆسێی دادوەریتدا (تۆماریی تاوان). ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ‹پشگیری هەڵسوکەوتی باش›ت ((VOG پێنەدرێت کە کاتێ ئیشێک دەدۆزیتەوە یا کە دەچیت بۆ شوێنێک بۆ مەشقی خوێندنەکەت ئیش بکەیت. پارێزەرێک دەتوانێت زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە پێبدات. داواش لە پۆلیس بکە ئەو نامیلەکە تایبەتەت پێبدات کە زیاتر ڕونکردنەی تێدا دراوە لەسەر ئەم بابەتە و کاریگەریەکانی. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم سایتە بکە:
www.justis.nl/producten/vog



220373 Informatieblad U wordt verdacht (Koerdisch) CKB (Arial).indd 3 20-05-2022 14:39

POLITIE


له بڵاوکراوەکانی:
وەزارەتی داد و ئاسایش
Ministry of Justice and Security
PO Box 20301 | 2500 EH The Hague

مانگی ئازاری ٢٠٢٢ | 22402696



تۆ ناتوانی داوای هیچ مافێکی یاسای بکەیت لەسەر ناوەڕۆکی ئەم نامیلکەیە.





220373 Informatieblad U wordt verdacht (Koerdisch) CKB (Arial).indd 4 20-05-2022 14:39